هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

# ژمارە (٤٧) لە ٢٠٢٠/٢/١٢

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢) لە ٢٠٢٠/٢/١٢، و ئاماژە بە ماددەی (١٧) لە (یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق) یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە :

١. جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٢. وەزیری دارایی و ئابووری.
٣. وەزیری پلاندانان.
٤. وەزیری ناوخۆ.
٥. وەزیری کاروباری پێشمەرگە.
٦. وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.
٧. وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.
٨. سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٩. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
١٠. هەر وەزیر و لایەنێکی دیکە کە بەپێی پێویست و تایبەتمەندی لەلایەن لیژنە باڵاکەوە زیاد دەکرێت بۆ ئەندامێتی لیژنە باڵاکە.

**دووەم:** لەسەر ئاستی هەر وەزارەت و لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت لیژنەیەکی لاوەکی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی وەزیر یان سەرۆکی لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت. ئەم لیژنە لاوەکییانە ڕاستەوخۆ دەبەسترێنەوە بە لیژنەی باڵای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە.

**سێیەم:** ئەرك و چالاکی و دەسەڵاتەکانی لیژنەی باڵای ئاماژەپێدراو لە هەردوو بڕگەی (یەکەم) و (دووەم)ی سەرەوە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ئاسانکاریی جێبەجێکردنی یاساکە دەستنیشان دەکرێن.

**چوارەم:** خشتەی هاوپێچ کە تایبەتە بە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە دوای پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی لەلایەن فەرمانگەی بەدواداچوون و هەماهەنگی دابەش دەکرێت لەسەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو خانانەی خشتەکە کە لە بەرامبەر هەر بڕگەیەکی یاساکادا هاتووە بە جۆرێك ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت لە ماوەیەک کە (١٥) پانزدە ڕۆژی کار تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی گەیشتنی دوا وێنەی پەسەندکراوی خشتەکە بە وەزارەت و لایەنەکان:

١. ڕێکار و میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاساکە.
٢. لایەنی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی یاساکە لە ناو وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت.
٣. پێداویستییەکانی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لە ڕووی دابینکردنی چوارچێوەی یاسایی یان پێداویستییەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و دارایی و تەکنیکی.
٤. قۆناغبەندکردنی جێبەجێکردنی یاساکە بەپێی ئەولەوییەت و دەستنیشانکردنی ماوەی خەمڵێندراو بۆ جێبەجێکردنی هەر قۆناغێك.
٥. هەر زانیارییەکی دیکە کە بە پێویست بزاندرێت.

**پێنجەم:** فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سکرتاریەتی لیژنەی باڵای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە بەڕێوە دەبات و ئەرکی بەدواداچوون و هەماهەنگی بۆ مەبەستەکانی یاساکانی چاکسازی دەگرێتە ئەستۆ و بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون دەبێتە بڕیاردەری لیژنە باڵاکە.

**شەشەم:** دامەزراوەکانی (دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەسپاکی، داواکاری گشتی) وەك سێ لایەنی سەربەخۆ ئەرکی چاودێری و لێپرسینەوە دەگرنە ئەستۆ لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەسەڵاتانەی پێیان دراوە بەپێی یاسا پەیوەندیدارەکان، و پێویستە ئەو سێ دامەزراوەیە هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندێتی ڕاپۆرتی چاودێری و بەدواداچوونی وەرزیی خۆیان پێشکەش دەکەن.

**حەوتەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران